لە زیودا کەمتر لە پێنج ئۆقیە زەکاتی تێدا واجب نابێت، ولە وشتردا کەمتر لە پێنج دانەیان زەکاتی تێدا واجب نابێت، ولە بەروبوومی دانەوێلە وکشتوکاڵیش کەمتر لە پێنج وسق زەکاتی تێدا واجب نابێت

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە زیودا کەمتر لە پێنج ئۆقیە زەکاتی تێدا واجب نابێت، ولە وشتردا کەمتر لە پێنج دانەیان زەکاتی تێدا واجب نابێت، ولە بەروبوومی دانەوێلە وکشتوکاڵیش کەمتر لە پێنج وسق زەکاتی تێدا واجب نابێت». تێبینی: (یەک ئۆقیە: چل درهەمی زیوە، واتا کەمتر لە دوو سەد درهەم زەکاتی تێدا واجب نابێت، کە پێنج ئوقیەکە دەکاتە: 595 گرامی زیو). (یەک وسق: شەست صاعە، پێنج وسقیش دەکاتە: سێ سەد صاع، هەر صاعێکیش نزیکەی دوو کیلۆ وچل گرام دەکات، کە پێنج وسقەکە: نزیکەی 612 کیلۆ دەکات).

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

زەکات دڵدانەوەی هەژارەکانە لە لایەن دەوڵەمەندەکانەوە، ئەو کەسانە زەکات نادەن کە پارە ومووڵکیان کەمە وبە دەوڵەمەند دانانرێن. شەریعەت نزمترین ڕێژەی دیاریکردووە کە زەکاتی لێ واجب دەبێت، بەڵام ئەو کەسەی کە لەو ڕێژەیە کەمتری هەبێت بە هەژار دادەنرێت وزەکاتی لێوەرناگیرێت. ئەو کەسەی زیوی هەیە، زەکات واجب نیە لەسەری هەتا نەکاتە ڕێژەی پێنج ئۆقیە وهەر ئۆقیەک چل درهەمە، بۆیە کەمتری ڕێژەی زەکاتدان لە زیو دوو سەد درهەمە، کە یەکسانە بە: 595 گرام زیو. وئەو کەسەی وشتری هەیە، زەکاتی لەسەر واجب نابێت، هەتا لە پێنج دانە تێپەڕ نەکات، وئەگەر لە پێج دانە کەمتر بێت ئەوا زەکاتی لەسەر واجب نابێت. وئەوەی خاوەن بەرهەم ودانەوێلەیە، زەکاتی لەسەر واجب نابێت هەتا بڕی بەرهەمەکەی نەگاتە پێنج وسق وهەر وسقێک دەکاتە شەست صاع، وکەمترین بڕ بۆ دەرکردنی زەکات لە بەروبوومی دانەوێلە 300 صاعە کە دەکاتە 612 کیلۆگرام.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4547